# مانگرتن و خۆپیشاندانی هەزاران کەسی رۆژی 21 -6-2005 لە شاری رانیە، بە سەرکەوتن گەیشت!

رۆژی 21-6-2005 لە شاری رانیە رۆژێکی ئاسایی نەبوو، ئەمرۆ هەر لە بەیانیەوە هەموو دوکانەکان داخرابوون، هەزاران کەس لە سەر جاددە بوون وئەو خواست وداوا رەوایانەی کە چەندین سالە هەیانەو لە لایەن دەسەلات دارانەوە وەلامیان پی نەدراوەتەوە، ئەمرۆ بۆی هاتبوونە سەر جاددە وبە تەواوی ئەوەیان بۆ روون بوو کەتەنها هیزی خۆیانە دەتوانی بەدی هینەری داواو ئاواتەکانیان بیت.

ماوەیەکی زۆرە کە مەسەلەی گەندەلی ئیداری و نەبوونی ئاوو کارەبا وسووتەمەنی وپیسی ناو شار و نەبوونی یاریگا و جاددە و ریگا وبان ودەیان پیداویستی و خزمەت گوزاری تر ،بووە بە کیشەی هەموو رۆژەی خەلك و چەندین جار بە چەندین شیوە لە لایەن چین و تویژە جۆراو جۆرەکانەوە داوا لە حکومەتی هەریم و لەو دەزگایانە کراوە کە خۆیان بە بەر پرس دەزانن . بەلام نەك هەر جوابیان پی نەدراوەتەوە بەلکو رۆژ بە رۆژ وەزعەکان خراپتر بوون وتا دەهات خەلك گەندەلی ئیداری زیاتر وبی بەشی زیاتری بۆ خۆی دەبینی .

ئەوە بووە هۆی ئەوەی کە رۆژی 21-6-2005 لە سەر داوای دەستەی هاوکاری رانیە کە پیك هاتووە لە کۆمەلیك کەسی دلسۆز وخەم خۆری شاری رانیە،خەلکی شاری رانیە هەر لە بەیانی زووەوە هاتنە دەرەوە ، بەلام بە پیچەوانەی رۆژانی پیشووەوە کەس دوکانی نەکردەوە ومانگرتن راگەیەنرا.دواتر ووردە ووردە خەلك زیاتر کۆدەبووەوە ولە لایەکی تریشەوە چەند کەسیکی کەم لە ریکخستن و مەسئولی یەکیتی کە لە ناو بازار دوکانیان هەیە و ژمارەیان نەدەگەیشتە پەنجەکانی دەستیك ،ویستیان بە کردنەوەی دوکانەکانیان مانگرتنەکە بشکینن ، بەلام لە گەل ئیعترازی گەورە و هەزاران کەسی خەلك بەرەو رووبوون وخەلك بە دروشمی – دایخە دایخە – چوونە بەردەم دوکانەکانیان .

دوای ماوەیەك کاتیك کەخەلك بینی لە لایەن دەسەلات دارانەوە هیچ وەلامیك نیە بە داواکانیان ، بەرەو بینای قایمقامیەت بە ریزی هەزاران کەسی بەری کەوتن و لەوی بە ووتنەوەی دروشم و چەپلە ریزان داوای دیتنی قایمقام وبەریوەبەری شارەوانی رانیە و مەسئولینی شاری رانیەیان دەکرد. بەلام قایمقام و بەریوەبەری شارەوانی رانیە نەهاتن یان لە راستیدا نەیان ویرا خۆیان نیشانی خەلك بدەن . بۆیە کۆبوونەوەی خەلك لە بەردەم قایمقامیەتی رانیە بەردەوام بوو ، وە بەریوەبەری پۆلیسی رانیە و چەند ئەفسەریکی تر کە هاتبوون بۆ ئەوەی کە خەلکەکە سارد بکەنەوە و بیان نیرنە مالەوە و لە بەرامبەر چەند

وەعد و وەعیدیکی سەرپییدا ئەم حەرەکەت و خۆپیشاندانەی خەلك لە بار بەرن بەلام هەر قسەیەکی ئەم ئەفسەرانە بە –ماستاوە ماستاوە – و–درۆیە– وەلامی وەردەگرتەوە .

تا لە ئاخرەکەی دا داوا لە خەلکەکە کرا کە چەند نوینەریك بنیرن بۆ ژوورەوە بۆ گفت وگۆ ،کە بە دوای ئەمەدا چەندین کەس بە نوینەرایەتی خەلکەکە چوونە ژوورەوە کە لە ناویاندا ئازاد احمد بەرپرسی کۆمیتەی پشدەرو بیتوینی حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق بوو کە لە لایەن خەلکەوە دیاری کرا بۆ ئەوەی ببیتە نوینەر و قسەکەریان لە لای دەسەلات داران.

لە ژوورەوە لە لایەن حکومەتی هەریمەوە قایمقام و بەریوەبەری دائیرەکان و جیگری مەلبەندی 8 ی راپەرینی یەکیتی نیشتیمانی و مەسئولی هەردوو کۆمیتەی رۆژهەلات و رۆژئاوای رانیەی یەکیتی و چەندین کەس لە خەلکی شاری رانیە و نوینەری دەزگاکانی راگەیاندن بە رادیۆ وتی ڤی وجەریدەکانەوە ئامادەبوون.

لەو دانیشتنەدا لە لایەن نوینەری خەلکەکە وبە دیاری کراویش لە لایەن ئازاد احمد وەك نوینەری خەلك لە سەر هەموو ئەو کیشە و گیر وگرفتانەی کە خەلك لە دەڤەرەکەدا هەیەتی هەر لە نەبوونی ئاوو کارەبا و سووتەمەنی و جاددەو ریگاو بان وباریگا و هۆل وپیسی ناو شارونەبوونی هیچ جۆرە خزمەت گوزاریەك ومەسەلەی گەندەلی ئیداری وناعەدالەتی و گرانی و ...............هتد قسە و باسیکی تیر و تەسەل کراو خرایە بەردەمی مەسئولینی ئیداری و حیزبی لە شاری رانیە .کە لە نەتیجەدا گەیشتن بە 2 خال :

یەکەم:قایم قام بە نوینەرایەتی حکومەتی هەریم لە بەرامبەر نوینەری خەلك وچەندین کامیرای تەلەفزیۆن ورادیۆ و جەریدەدا وەعدی جیبەجێ کردنی هەموو ئەو پرۆژە خزمەت گوزاری وکارانەی دا کەتاکو ئیستا نەکراون وتەئخیر بوون ،ئەگەر ئەمە نەکرا ئەوا لە دوای ئەم مانگە قایمقامیش کورسیەکەی بە جێ دەهیلی.

دووەم: لە ماوەی 2-3 رۆژی داهاتوودا لە شاری رانیە کۆبوونەوەیەکی جەماوەری بە بەشداری خەلك وحیزب و لایەنە سیاسیەکان وئیدارەی حکومەتی هەریم لە شاری رانیە بکریت و لەو کۆبوونەوە جەماوەریەدا لیژنەیەك بۆ چاودیری ومتابەعەی کارەکان لە خەلك و لە حیزبە سیاسیەکان پیك بهینری .وە ئەم لیژنەیە صلاحیەتی لیپرسینەوە وبە داوداچوونی هەبیت و بە شیوەی بەردەوام خەلك لە کارەکان وچۆنیەتی بەریوە چوونی پرۆژەکان و کیشە و گیرو گرفتەکان ئاگادار بکاتەوە.

به دوای ئەمەدا کۆبوونەوەکە کۆتایی پێ هات ونەتیجەکەی لە لایەن نوینەری قایم قامیەت و ئازاد احمدەوە بە خەلکەکە راگەیەنراو لە ناو چەپلە ریزانی خۆشی و سەرکەوتن دا کۆتایی بە خۆپیشاندانەکە هات .بەلام کردنەوەی دوکانەکان لە لایەن خەلکەوە کەوتە دوای نیوەرۆی 21-6-2005.

لیرەدا پیویستە ئیشارە بە چەند شت بکریت:

1- یەکیتی نیشتیمانی وەکو حیزبی دەسەلات دار لە شاری رانیە لە چەند رۆژ پیش 21-6-2005 ەوە کە خەبەری مانگرتن و خۆپیشان دان لە لایەن خەلکەوە باس دەکرا،بە مەلبەندو کۆمیتە وئاسایش و پۆلیس و قایمقامیەت وراگەیاندن و هەموو کەنالەکانی تریانەوە کەوتبوونە خۆیان و بە هەموو شیوەیەک لە هەولی ئەوەدا بوون کە ریگا لەم کارە بگرن ،وە شەوی 20 لە سەر 21-6-2005 لە کەنالی رانیەی تی ڤی یەکیتی نیشتیمانیەوە مەسئولی کۆمیتەی یەکیتی وبەریوەبەری شارەوانی رانیە هاتنە سەر تەلەفزیۆن و بە هینانەوەی ئەنواعی بروبیانوو وە بە پارانەوە لە خەلک داوای ئەوەیان دەکرد کە مانگرتن نەکریت وخەلک دەست بۆ ئەم کارانە نەبات.کە ئەم کارو قسانەیان نەیتوانی تۆزقالیک لە توورەیی و نارەزایەتی خەلک کەم بکاتەوە ولە رۆژی 21-6-2005 دا بە هەزاران کەس لە دژی گەندەلی ئیداری و نەبوونی خزمەت گوزاری و بە تالان بردنی سەروەت وسامان و بەشی خەلک، هاتنە مەیدان.

2- دەستەی هاوکاری رانیە کە هەستا بوون بە بانگەوازکردنی مانگرتنەکە ،بەلام لە رۆژی 21-6-2005 دوای ماوەیەکی کەم لە دەست پی کردنی مانگرتنەکە کەوتنە هەولی ئەوەی کە مانگرتنەکە کۆتایی پێ بهینن وبیانووی ئەوەیان دەهینایەوە بۆ خەلک کە سەیارەی مفخخ هاتووە و ئاژاوە درووست دەبێ و لەم جۆرە قسانە .

بەلام توورەیی و بیزاری خەلک بە جۆریک بوو کە ئیتر قسەی لەم جۆرە دادی نەدەدا وهەر بۆیە تا مەسئولینی شاری رانیە نەهاتنە ژیر باری جیبەجی کردنی داواکانیان وازیان نەهینا وگوییان لەم قسانە نەگرت.

3- ئەم حەرەکەو خۆنیشان دانە پەیامیکی رۆشنی دایە دەسەلات دارانی کوردستان کە ئیتر خەلک لە بەرامبەر بی مافیەکانی و ئەو تالان و برۆ و یاریەی کە بە چارەنووسیەوە دەکریت وئەو تەخشان و پەخشانەی کە لە لایەن مەسئولینی حیزبە دەسەلات دارەکانەوە بە پارەی خەلک و پرۆژە خزمەت گوزاریەکانەوە دەکریت ، ئیتر بی دانگ نابن و لە مافی خۆیان دەپیچنەوە.